# خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسیانە بۆ کولتور

**ئارام ابراهیم حسین دزەیی**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی
سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

سەرەتا کولتور واتە شێوازی ژیان چۆنیەتی بیرکردنەوە و چۆنیەتی گوزارشتکردن لە هەڵچون و هەست و سۆز و هەر کۆمەڵگایەک تەنانەت هەر خێزانێکیش کولتوری تایبەتی خۆی هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کایەکانی ژیان، و خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسیانە بۆ کولتور لەو گۆشەنیگایەوە سەیردەکرێ کەوا لە سەردەمی ئەمڕۆدا پێکدادانی کولتوری و گۆڕانی کولتوری لە ڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و شەپۆڵەکانی جیهانگیریەوە زۆر بە خێرایی گۆڕانیان بەسەر دادێت بەجۆرێک تێکەڵاوبون ڕودەدات کە لە نێوان وەرگرتن و ڕەتکردنەوەدا کۆمەڵێک گرفت بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەمە یەکێکبو لە هۆکارەکانی ئامادەکردنی ئەم بابەتە بەهۆی هاتنی ئەو ژمارە زۆرە ئاوارانەی کە لە ناوەڕاست و خواروی عێراق، هەروەها کوردستانی ڕۆژئاوا بەلێشاو ڕویانکردۆتە کوردستان بۆتە هۆی تێکەڵاوبون و پێکدادانی کولتوری و زۆربونی وردە کولتورەکان، چونکە هەر ناوچە و کولتوری تایبەت بەخۆیان هەیە.

ئەم توێژینەوەیە دابەش بوە بەسەر چەند باسێک، باسی یەکەم چەمک و تایبەتمەندییەکانی کولتوری، باسی دوەم کولتور و کۆمەڵگا گۆڕان و دواکەوتن و گۆاستنەوەی کولتوری، باسی سێیەم ڕەفتاری کاریگەری سەرمایە لە کولتوری کۆمەڵگا، باسی چوارەم کاریگەری پەیوەندی زمان کولتور لەسەر یەکتری، باسی پێنجەم شێوازی کولتور و دژە کولتور و کولتوری کەسی، باسی شەشەم بناغە و میکانیزمی کولتوری جیهانی و زانیاری زیاتر.

ئەو توێژیەوەیە دابەش بوە بەسەر چەند باسێک باسی یەکەم چەمک و تایبەتمەندیەکانی کولتور، باسی دوەم کولتورو کومەڵگا گۆران و دواکەوتن و گواستنەوەی کولتور، باسی سێیەم ڕەفتاری کاریگەری سەرمایە لە کولتوری کۆمەڵگا باسی چوارەم کاریگەری پەیوەندی زمان کولتور لەسەر یەکتری باسی پێنجەم شێوازی کولتورو دژە کولتورو کولتوری کەسی باسی شەشەم بناغەو میکانیزمی کولتوری جیهانی و زانیاری زیاتر.

## کلیلە وشەکان:

کۆمەڵناسی، کلتور، زمان.

## Article Info:

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(2).Paper30
**Received:** 18-August-2021
**Accepted:** 19-October-2021
**Published:** 29-March-2022
**Corresponding Author E-mail:**
aram.hussen@su.edu.krd
**Copyright**©2022 Journal of Raparin University.

## پێشەكی:

## گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە دەكرێ لەم خاڵانەی خوارەوە ڕونیبكەینەوە:
لایەنێكی تیۆری نیشان دەدات كە دەكرێ پسپۆڕان و شارەزایان لە بوارەكانی كۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆژییەكان سودی لێوەربگرن بۆ نیشاندانی كاریگەری بایەخی كولتور بۆ تاك و كۆمەڵگا.
دەكرێ ئەم توێژینەوەیە وا سەیربكرێ كە مەعریفەیەكی زیاترە بۆ ئەم بابەتە و سودی لێوەردەگیرێ بۆ توێژینەوەكانی دواتر كە توێژەران كاری لەسەر دەكەن.
ئەم توێژینەوەیە بەشداردەبێ لە سەرنج خستنە سەر ئاست و ڕێژەی كاریگەری ئەم سیستەمە كولتوریانە كە بونیادی كۆمەڵایەتی پێكدەهێنن بریتیین لە ئەركە بەهاییە گشتییەكان كە گروپ بەرەو پێشەوە دەبات هەروەها لە چالاكییەكانی ڕۆژانەدا، لە كارلێكردنە دوبارەبوەكاندا ملكەچی دەبێت.

## كێشەی توێژینەوە:

خاڵی دەستپێك لەهەر توێژینەوەیەكدا بریتییە لەهەستكردن بەبونی گرفتێك كە لەهزر و بیری توێژەردا بەشێوەی پرسیارێك سەر هەڵدەدات، دواتر لەم پرسیارەوە توێژەر گریمانەكانی دادەنێت و لەمیانەی توێژینەوەكەی بەدوای ساغكردنەوەیان دەگەڕێت و بە شێوەیەكی زانستی وەڵامیان دەداتەوە و یەكلاییان دەكاتەوە بەڕاست و دروست.
گرفتی توێژینەوە بریتییە لە چڕكردنەوەی بابەتەكە لە پرسیارێكی كورت و سەرەكیدا پێیدەڵێن گرفتی توێژینەوە یان پرسیاری توێژینەوە، پرسیاری سەرەكی توێژەرە و خەمی ئەوەیە وەڵامی ئەو پرسیارەی بداتەوە.
لێرەدا توێژەر هەوڵدەدات كاریگەرییەكانی پرۆسەی كولتور بزانێت و دیاریبكات لەسەر بونیادی كۆمەڵایەتی.

## هۆكاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

هەمو توێژینەوەیەك كە توێژەر ئەنجامی دەدات، پێشتر كۆمەڵێك هۆكار هەبوە بۆ ئەوەی ئەم بابەتە ببێتە ناونیشانی توێژینەوەكەی، توێژینەوەكەی لەسەر ئەنجام بدات، بۆیە گرنگە كولتور بە شێوەیەكی سۆسۆلۆژیانە لێیبكۆڵدرێتەوە، چونكە لەڕوانگەی كۆمەڵناسی پەیوەندی كۆمەڵایەتی بایەخی گەورەی هەیە، ئەم پەیوەندییە كۆمەڵایەتییانە وادەكات تاك بەشداری و هەڵسوكەوت و ڕەفتارەكانی بگەڕێنەوە بۆ باكگراوەندی كولتوری تایبەت بەو كۆمەڵگایە و بۆیەش بۆ تێگەیشتن لەو كۆمەڵگایە پێویستە شارەزای كولتوری كۆمەڵگابین.

## میتۆدی توێژینەوە:

لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوە، لە جۆری پێداچونەوەو خوێندنەوەییە، دەکەوێتە بازنەی ڕێبازی چۆنایەتی، میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆک لەڕێگەی خوێندنەوەی توێژینەوە و کتێب و نوسینە زانستییەکان، هەم لەجۆری کتێبخانەیی و هەمیش ئەلکترۆنی وەک کەرەستەیەک بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری.

بەداخەوە کتێبخانەی کوردی لە بواری زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی بەگشتی بەتایبەتی کۆمەڵناسی و بەتایبەتتر بابەتی کولتور زۆر هەژار و لاوازە، بۆیە توێژەر ناچاربوە پەناببات بۆ کتێبخانە و ئەدەبیاتی زمانەکانی دیکە وەک عەرەب، فارسی و ئینگلیزی و بابەتی توێژینەوەکە، کە تا ڕادەیەکی زۆر کەم لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسیدا باسکراوە، بگەیەنێتە ئەنجام.

## ئەنجام:

سەرەنجام هەندێ لە ئەزمونەکان لە تەواوی کولتورەکاندا هاوبەشن، هەر کۆمەڵگایەک گشت تاکەکانی ڕوبەڕوی ئەو تاقیکردنەوانە دەکاتە کە تایبەتن بەخودی ئەو کۆمەڵگایەوە، کولتور بەدیهێنەری ئەو قارەمانانەیە کە بۆ ئەوانی تر دەبن بە سەر مەشق، دەرەنجام ئەوەیە کە سنوری ئەرکەکانی کولتور زۆر فراوانە و سەرەڕای ئەوانەی باسکران شتی زۆرتر لەخۆدەگرێت. لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم خالانەی خوارەوە:

کولتور چەند گروپێک لەخەڵک بەیەکەوە دەبەستێتەوە یەکیاندەخات و بیروباوەڕ، دابونەریت، بەهاو فێربونەکانیان دەگرێتەخۆ.

کولتور مۆرکی تایبەتی خۆی لەسەر کەسایەتی ئەو مرۆڤانەی پەیوەستن پێیەوە وێنادەکات.

کولتور بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە خاوەن ئەرکگەلێکی تایبەتە.

چەمکەکانی کۆمەڵگا، کولتور کەسێتی و ناوەڕۆکی تایبەت بەخۆیانیان هەیە، بەڵام بەتەواوی لەیەک جیاناکرێنەوە.

لە ئەنجامی کاریگەری گۆڕان یاخود هاتنەناوەوەی توخمە ناهاوڕەگەزەکاندا، کولتورەکان ڕوبەڕوی دژایەتی دەبنەوە.

## باسی یەکەم: چەمک و ڕەگەزو تایبەتمەندییەکانی کولتورو وردە کولتور:

کولتور (Culture) تەنیا کۆمەڵێکی کەڵەکە بو لە دابونەریت و شێوە جیاوازەکانی ژیان نییە، بەڵکو سیستمێکی ڕێکخراوە لە ڕەفتارەکان، یان شێوەی گشتی ژیانی گروپێک یان چەند گروپێکە لە خەڵک.

پێناسەکانی کولتور: کولتور ئاماژەیە بۆ بەرهەمێکی هزری، ڕەفتاری مرۆیی، تیۆری پراکتیکی، مادی و نامادی، لە فەرهەنگی زاراوەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا هاتوە کە کولتور بریتییە (لەو ژینگەیەی کە مرۆڤ دروستی کردوەلە بەرهەمهێنراوی مادی و نامادی، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە)، زانایان هەریەکە لە بواری پسپۆڕی خۆیدا باسی لێوەکردوە بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە ئامانجە ویستراوەکان

کولتور: وشەی کولتور دروست بوە بۆ ئاماژەدان بەو بەشە هەبوەی کە کۆمەڵگە تاکەکان خۆیان بەدەستی خۆیان دروستیان کردوە، کە خۆی لە (بیرۆکەو- پەندو- بەهاکان- بیروباوەڕ- لێهاتویی- ڕێگای بیرکردنەوە- نەریت- ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و پیشکەوتن – ئەو مۆسیقایەی دەی ژەنن- ئەو سستەمە خێزانییەی کە لە سەری دەڕۆی- واتای هەق و پێویست لە ناویاندا- ئامرازەکانی گواستنەوە- پەیوەندیکردن- ئەو پاڵەوانانەی کە ڕێزی لێدەگرن- زۆرێکی دیکەی تریش لە شتەکان، ئەوانەی کە مرۆڤ دروستی کردون بۆ ئەوەی ببنە بنەمایەک بۆ گردبونەوەی تاکەکانی کۆمەڵگایەک لەدەوری بەرژەوەندییەکانیان پێکەوە ببەستێتەوە (ناصر، 2013، ل .117). کولتور (Culture): چەمکی کولتور لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسییدا بایەخێکی زۆری پێدراوە و هزری کۆمەڵناسانی بەخۆیەوە خەریک کردوەو تاوەکو ئێستا لە بەراورد بەچەمکە کۆمەڵناسییەکانی دیکە زۆرترین توێژینەوەی لە بارەوەکراوە. (بروس کوهن) لەکتێبی (سەرەتایەک بۆ کۆمەڵناسی) بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسەی کولتوری کردوە ((کۆمەڵێ تایبەتمەندی ڕەفتاری و بیروڕای وەرگیراوی ئەندامانی کۆمەڵگەیەکی تایبەتە)) (شوانی، 2012، ل157) چەمکی کولتور: پێناسەیەکی زۆر کراوە بۆ کولتور، جگە لەمانە دەتوانین بڵێین پێناسەی کلاسیکی ئاماژەدەکات بە (ئەدوار تایلور) لە کتێبەکەی دەریخستوە بە کولتوری سەرەتایی، و ئاماژەیە بۆ کولتور یان شارستانی بە مانای ئەتنو جوگرافی فراوان، ئەوە هەمو لایەنەکانی مەعریفە و بیروباوەرەکان و هونەر و ئەخلاق و یاسا و عورفەکان و پیرۆزییەکان و عاداتی تر کە مرۆڤ بەدەستیان دەهێنێت کاتێ ئەندامە لە کۆمەڵگادا. ئەوە پێناسەیەکە کە زۆر ڕەگەزەکانی دەرخراوە (ناصر، 2013، ل117).

## ١-١: ڕەگەزەکانی کولتور:

هەندێک لە زانایانی زانستی مرۆڤناسی دەڵێن دەتوانین کولتور دابەش بکەین بۆ دو بەشی گەورە:-

**١-ڕەگەزە ماددییەکان:** مەبەست پێی ئەوانەیە کە مرۆڤ بەرهەمی هێنان و دەتوانین لەڕێگەی هەستە زانراوەکانمانەوە هەڵیانبژێرین.

**٢- ڕەگەزە ناماددییەکان:**

ئەو ڕەگەزانەن کە ڕێساکانی ڕەفتارو ئاکار لەخۆدەگرن سەرجەم بەهاوعورف و دابونەریت و ئەو ئامرازە هونەرییانەش لەخۆدەگرێت، کە گروپەکان بەکاریدەهێنن لەناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوی ئەم جیهانەدا. (ناصر، 2013، ل117)

وەکو داب و نەریت و بیرو باوەرەکان هەروەها بەهاو بیروڕا هاوبەشەکان، مرۆڤەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە ناسنامەی کۆمەڵایەتییان پێدەبەخشێت. چەندین پێناسە بۆ کولتور کراوە کە زۆربەشیان لەلایەن کەسانی ترەوە ڕەخنەیان لێگیراوە یەکێک لە یەکەمین پێناسەکانی کە بۆ کولتور کراون و تاڕادەیەک گشتگیر بێت لەلایەن (تایلۆر)وە بوە لە ساڵی (١٨٧١) زاینیدا. ئەم مرۆڤناسە بەریتانییە لەو باوەڕە دابو کە کولتور بریتییە لە گشتێکی ئاڵۆز لە زانست و زانیاری و هونەرو، هزرو بیروباوەڕو یاساو دیسپلین و دابونەریت و (ترادیسیۆنەکان) بە

کورتی گشت ئەو فێربون و عادەتانەی کە مرۆڤێک وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگا وەریدەگرێت. بەڕای (سامنێر) کۆمەڵناسی ئەمریکی کولتور بریتییە: لە کۆمەڵێک دابونەریت و تradیسیۆن و دامەزراوەی کۆمەلایەتی.

(سپنسەر) لە کتێبی (بنەماکانی کۆمەڵناسی)دا کولتوری وەکو کایەی (سەرو جەستەیی) مرۆڤ ناودەبردو مەبەستی جیاکردنەوەی کولتور بو لە هۆکارە جەستەیی و سروشتییەکان. ئەو لەو باوەڕەدابو کە کایەی (سەرو جەستەیی) تایبەتە بە مرۆڤ. ئەمە لە کاتیکدا کە مرۆڤ لەلایەنی دو کایەی دیکەوە (سروشتی و جەستەیی) لە گیانلەبەر دەچێت. دەتوانرێت کولتور وەها پێناسە بکرێت، کە بریتییە لە کۆمەڵێک لە ڕەفتارو شێوازی کۆمەلایەتی کە لە ناو کۆمەڵگادا دێنە کایەوە و دەگوازرێتەوە، هەروەها ڕەگەزەکانی وەک زمان و ڕێورەسم و (ترادیسیۆن) و جلوبەرگ و خانو، پیشە و هونەرو زانستەکان، بنەماکانی کولتور پێکدەهێنن.

هەندێ جار مرۆڤناسە کۆمەلایەتییەکان کولتوریان لەبەرامبەر سروشت داناوە، لەم حاڵەتەدا دەتوانرێت ئەم پرسیارە بکرێت کە ئایا کولتور بریتییە لەوشتانەی کە فێرکردن (بە واتای گشتی) لە سروشتدا زیادی دەکات یان ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە فێرکردن بۆ تاک بەرهەمی دێنێت؟ فێربونی کولتور لە ڕێگای مرۆڤەکانی ترەوە دەبێت. فێرکردنیشی بەهۆی پەیوەندییە بەرامبەرکان لە نێوان مرۆڤەکاندا شێوە وەردەگرێت.

کولتور کۆمەڵێک ڕەگەزە: لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە، ڕەگەزەکان بەسەریەکەوە کەڵەکە دەبن، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بڵاودەبێتەوە، دەست بە هەڵبژاردن دەکات و دەتوانێت ڕەهەندی پسپۆڕی بەدەست بێنێت، و دابەش دەبێت بۆ هەندێ جۆرو دواجار توشی قەیران دەبێت. کولتور چەند ئەرکێکی تایبەتی هەیە کە بە (ئەخلاقی مرۆڤ) ناوبراون. کولتور ئەوە دیاریدەکات کە پێویستە خێزان چ پێکهاتەیەکی هەبێت. پیاوێک دەتوانێت چەند ژنبهێنێت و ئایا پەیوەندی پێش هاوسەرگیری قۆناغێکە بۆ خۆئامادەکردن بۆ پێکهێنانی خێزان یاخود کردەیەکی دژ بەئاکار دادەنرێت. کولتور هەندێ (دیسپلین) بەدیدەهێنێت لەپێناو بەکۆمەلایەتی کردن و چاودێری منداڵان: چ کاتێک دەبێ منداڵ لە شیرخواردن بکەینەوە، پەروەردەکردنیان دەبێت چۆن بێت، تا چ ڕادەیەک دەبێت سەربەخۆییان بدرێتێ. کولتور دروستکەری سیستمی فێرکردنە (نەک تەنها فێرکردنی ڕەسمی)، ئەوەش دیاری دەکات کە منداڵ پێویستە چی بزانێت و چی بکات. کولتور بەدیهێنەری بەهاکانە بۆ ئەوەی منداڵ ڕاستی لە هەڵە جیابکاتەوەو لەداهاتودا بتوانێت هەندێ ئامانج بۆ خۆی هەڵبژێرێت. (ناصر، 2013، ل117).

### تایبەتمەندێتی کولتورو و ئەرکەکانی:

کولتور شتێکە کە:

– لە نەوەیەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەیەکی تر.

– حاڵێتێکی کەڵەکەبوی هەیە.

– لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوازرێتەوە.

– لە پەسەندکردن و ڕاگرتنی شتەکاندا هەڵدەبژێرێت.

– ماهیەتێكی ئاڵۆزی هەیە. (ناصر، 2013، ل117)

لەگەڵ ئەوەی هەر كۆمەڵگەیەک كولتورێكی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام هەندێک تایبەتمەندی هەیە گشتییەو لە هەمو كولتورەكاندا بونی هەیە، دەبنە جیاكاریش بۆ كولتور جیایدەكەنەوە لە بابەت و چەمكەكانی دیكە:

١– كولتور پرۆسەیەكی مرۆییە: واتە تایبەتە بەخودی مرۆڤەوە بەخۆی مرۆڤەوە نەک شتەكانی دیكە، سەرجەم بونەوەرانی دیكە بۆیان نییە هاوبەشی ئەم تایبەتمەندیەی مرۆڤ بكەن.

٢– كولتور پرۆسەیەكی وەرگیراوە: واتە مرۆڤ كولتور لە دەوروبەریەوە وەردەگرێت (باوک ودایک، یان سەركردە ئاراستەكەران، ئامرازەانی ڕاگەیاندن).

٣– كولتور پرۆسەیەكی گۆڕاوە: واتە دەگۆڕێت، لەجوڵەدایە زۆربەی جار ڕوەو باشتربونی دەجوڵێ، واتە پەرەدەسێنێ.

٤– كولتور پرۆسەیەكی تەواوكارییە (دەرون ڕازیدەكات): واتە پێویستییەكانی مرۆڤ پڕدەكاتەوە دەرونی مرۆڤەكان ئاسودە دەكات، چونكە بابەتە هزرییەكان دەبەستێتەوە بەڕوح و دەرونەوە (بیروباوەڕو سیاسەت، بابەتە پەیوەستەكانی تایبەت بە جەستەوە وەک خواردن و خواردنەوە، واتە كولتور مرۆڤ دروستیكردوە لە پێناو بە ئامانج گەیشتنی بۆ گشت پێویستییەكانی.

٥– كولتور پرۆسەیەكی بەردەوامە: كولتور موڵكی تەنیا كەس و نەوەیەک نییە بەڵكو نەوە دوای نەوە دەگوازرێتەوە، ناتوانرێت دەستیش بەسەر هیچ كولتورێكدا بگیرێت، ئەگەربێت و دەست بەسەر گشت تاكەكانی ناو ئەو كولتورەدا نەگیرێت، ئەمەش كارێكی نەكراو نەتوانراوە، بۆیە كولتور بە مردنی تاكێک و كۆمەڵە تاكێک نامرێت، بەڵكو دەمێنێتەوەو بەردەوام دەبێت.

٦– كولتور پرۆسەیەكە توانای گواستنەوەی هەیە: واتە لە نەوەیەک بۆ نەوەیەكی دیكە دەگوازرێتەوە (لە گەورەكانەوە بۆ بچوكەكان) لەناو كۆمەڵگەیەكدا، هەروەک چۆن دەشتوانێ لە كۆمەڵگەیەكەوە بۆ كۆمەڵگەیەكی دیكە بگوازرێتەوە، بۆیە توانای ئەوەشی هەیە لەسەر ئاستی گەلان بڵاوبكرێتەوە.

٧– كولتور پرۆسەیەكە شێوازی ژیان دیاریدەكات: بەو مانایەی كە مرۆڤ لە كولتورەوە شارەزایی ڕەفتاری كۆمەڵە كەسێكی دیاریكراودا دەبێت و دەتوانێ پێشبینی ئەو شتە بكات كە تاكەكان لەچوارچێوەی ڕەفتارێكی كۆمەڵایەتیدا ئەنجامی دەدەن، چونكە كولتور شێوازێكی دیاریكراو لە ژیان و كاروبارەكانی ژیان دەسەپێنێ بەسەر نەوەكانی خۆیدا، واتە هێڵێكیان بۆدەكێشێ و دەبێ لەسەری بڕۆن لانەدەن لێی، چونكە جێگەی پەسەندی گروپ كۆمەڵگەكەیانە. (ناصر، 2013، ل126-125)

زانایانی ئەنترۆپۆلۆژی و كۆمەڵناسی لەسەر گرنگترین تایبەتمەندییەكان بۆ كولتور و پێكهاتەكانی كۆكن.

هەروەک (جامس میكی) دو خاڵی سەرەكی بۆ ئەم پێناسەیە داناوە ئەمانەن:

خاڵی یەكەم: هەر یەكە لە ئێمە كولتور بە دەست دێنێت بەو تایبەتمەندییەی كە ئەندامین لە كۆمەڵگا.

خاڵی دوەم: کولتور لایەنی ماددیەت نییە بە تەنها، بەڵکو لایەنی مەعنەویشە و پێکدێت لە شتومەکی ماددی و ڕوداوەکان کە دەتوانین بژمێردرێن یان بپێورێن، کە شتومەکی ماددی وەکو زمان و هونەر و... هتد، و (جامس میکی) زیاتر بە دوایدا دەچێت و دەڵێت کە کولتور پێکهاتەیەکی هەمە لایەنەیە لە کارلێک کردنی کۆمەڵایەتی.

لەلایەکی ترەوە (ڕالف لینستون) وای بۆ دەچێت کە کولتوری کۆمەڵگا نوێنەرایەتی یان گوزارشت دەکات بە ڕێگای ئەندامەکانی لە کۆمەڵگادا، ئەوە پێکدێت لە کۆمەڵێک بیرکردنەوە و عادات و تەقالید کە فێری بوە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، ئەو کولتوریە کە تێڕوانینی دیاریکراوی هەیە بۆ ژیان، ئاڕاستەکردنی کارەکانیەتی، و هەمو ڕۆشنبیریەک پڕیەتی لە ژمارەی زۆر لە ئاڕاستەکراوەکانی ڕاستەوخۆ بۆ ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا، لە نمونەی ئەو ئاڕاستانە دەناسێنێ لەسەر ئەوەی کە ئەوە پێوەرەکانە. و دواتر بۆ پێوەرە لە جیاتی ڕێنوێنیکەر یان ئاراستەکەری تایبەت بۆ کردار، پاشان ڕەفتاری پەسەند و ڕێگەپێدراو کە لە هەڵوێستە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دا. (رسول، 2013، ل195-194)

## ١-٢ ئەرکانی کولتور:

-بە کۆمەڵایەتیکردنی تاکەکان.

-فێرکردن و پەروەردەکردن.

-بەهاکان: ڕاست و هەڵە.

-چاودێری کۆمەڵایەتی.

-نۆرمەکان و دابونەریت.

-بیروباوەڕەکان.

-سیستەمی ژیانی خێزانی (دەروازەکانی کۆمەڵناسی، ل106)

وردە کولتور(sub culture): لە هەر کۆمەڵگایەکدا تاک پەیوەندی لەگەڵ کولتوری گشتی کۆمەڵگای خۆیدا هەیە کە لەگەڵیاندا دەژی، لەبەرئەوە ناوی گروپ بەکاردێنن، چونکە لە کۆمەڵگا گەورەکاندا ژمارەی ئەو گروپانە زۆرن کە تاک ئەندامە تیایاندا.

جیاوازی کولتوری لەنێوان پەیرەوانی ئایینە جۆراوجۆرەکانیشدا جێگای سەرنج دانە تاکێک لە یەک کاتدا دەتوانێت ئەندامی چەندین وردە کولتور بێت.

## ٣-١ جۆرەکانی وردە کولتور:

دەتوانین جۆرە سەرەکییەکانی وردە کولتور بەم شێوەی خوارەوە بژمێرین:

١-وردە کولتورە ناوچەییەکان لەسەر بنەمای جۆراوجۆریتی ڕەفتارەکان و پەیوەندی لەگەڵ ناوچە جیاجیاکانی وڵاتێک دا دەناسرێتەوە.

٢-وردە کولتوری لادێیی و شاری کە بە تایبەت لە ڕابردودا دەبونە هۆی پەروەردەکردنی هەندێک کەس بەشێوازی هەست کردن، کردەوەو مەعریفەیی. هەڵبەت لە ساڵانی دواییدا لە زۆر شوێنی جیهاندا لەگەڵ هاتنی ڕادیۆو تەلەفزیۆن و ئوتۆمبێل و دروستکردنی ڕێگا، قوتابخانە، کارەباو..هتد زۆربەی جیاوازییە کولتورییەکانی نێوان شارو لادێ کەم بونەتەوە.

٣-وردە کولتورەکانی بیناکراو لەسەر چینە کۆمەڵایەتییەکان کە هەرچەندە ئەم چەمکە ناوەڕۆکی تەقلیدی خۆی تاڕادەیەکی زۆر لەدەست داوە، بەڵام کەسانی خاوەن پلەو پایەی جیاجیای کۆمەڵایەتی، شێوازی ڕەفتاری جیاوازیان هەیە، کە ماهیەتێکی تایبەتییان پێدەبەخشێت. ئەم وردە کولتورانە لەناو ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەناویاندا جیاوازی چینایەتییان هەیە چاکتر دەردەکەون.

٤- ئەندامبون لەناو وردە کولتورە ڕەگەزییەکاندا دەبێتە هۆی پەیدابونی ئاراستەی کولتوریی و ئامادەبون بۆ وەڵام دانەوە لە بەرامبەر هەلومەرجە جیاوازەکاندا دەگۆڕێت.

٥- وردە کولتورە نەتەوەیی یاخود ئەتنیەکان کە زۆربەی جار بەهۆی کۆچکردنی کەسانێک لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی ترو لە نێوان نەتەوە جیاجیاکانی دانیشتوانی وڵاتێکدا هەن.

٦- وردە کولتورە ئایینیەکان سەرچاوەیەکی گرنگی دیکەن لەڕوی جۆراوجۆریتی ڕەفتارە نۆرماڵە کۆمەڵایەتییەکان کە کاریگەرن لەسەر ڕەفتاری. لەم بارەیەوە نابێت گرنگی گروپە ئایینیەکان کە لە چوارچێوەی ئایینێکدا دروست دەبن لەبەرچاونەگیرێ.

٧- وردە کولتورە پیشەییەکانیش دەتوانن بەهۆی ئەو ماهیەتە تایبەتییەی کە هەر کام لە کۆمەڵە پیشەییەکان هەیانە ڕەنگ و ڕوییکی تایبەت بە ڕەفتارە مرۆییەکان بدەن.

٨- وردە کولتورە گروپییەکان. ئەم جۆرە کولتورانە دەشێ لە ناو هەر کۆمەڵگایەک دا هەبن و وردە کولتوری وا دروست ببن کە دەقاودەق هاوشێوە نەبێت لەگەڵ گروپە لێکچوەکانی خۆی لەناو کۆمەڵگایەکی دیکەدا.

## باسی دووەم: كولتورو كۆمەڵگا و گۆڕان و دواكەوتن و گواستنەوەی كولتوری

### ٢-١ كولتورو كۆمەڵگا:

كولتور بریتییە لە كۆمەڵگا كە لەناو كۆمەڵگادا دێنە كایەوە و دەگوازرێنەوە. كولتور پێكهاتەیەكە لە چەندین توخمی جیاوازو لێكدراو هەر توخمێكیش لەگەڵ توخمێكی تر بە ئەلقەی فرمانەوە بەیەكەوە گرێدراون، لە دوایدا لێكدراوی كولتور پێكدێنن، كە ئەو لێكدراوە خۆشی سیمایەكی تایبەتی وەردەگرێت و ناوێكی هەمیشەیی پێدەبەخشرێت و لەلایەن كۆمەڵەوە دانپێدا دەنرێت پێكهاتەكانی ناو كولتور توخمی ماددی و نامادین، زمان، هونەر، ئایین، بیروباوەڕ، دابونەریت...هتد. كولتور دیاردەیەكی كۆمەلایەتی مێژوییە كە پەیوەندی بە قۆناغەكانی فرماسیۆن (سیستەم)ی كۆمەلایەتی ئابوری هەیە بە نیازی بەرهەمهێنانی ماددی یان سەرچاوەی گەشەكردنی كولتوری مەعنەوییە، یاخود كۆمەڵە بەهایەكی ماددی و مەعنەوی كۆمەڵگایی مرۆین كە لە ئەنجامی گۆڕانی كۆمەلایەتی و مێژویی پەیدا دەبێت. كولتور چەند ئەركێكی تایبەتی هەیە كە بە (ئەخلاقی مرۆڤ) ناوبراون كولتور ئەوە دیاری دەكات كە پیاو دەتوانێت چەند ژن بێنێت یان ئەوە دیاری دەكات كە پەروەردەكردنی منداڵ دەبێت چۆن بێت یان پێویستە منداڵ چی بكات.

كولتور بەدیهێنەری بەهاكانە بۆ ئەوەی تاك ڕاستی لە هەڵەكان جیابكاتەوە لە داهاتودا بتوانێت یاخود هەندێ ئامانج بۆ خۆی هەڵبژێرێ هەر كۆمەڵگایەك گشت تاكەكانی ڕوبەڕوی ئەم تاقیكردنەوە دەكاتەوە، كولتور بەدیهێنەری ئەو قارەمانەیە كە بۆ ئەوانی تر دەبنە سەر مەشق. كەواتە كۆمەڵگا خەڵكێك دەگرێتەوە كە لە یەك كولتوردا هاوبەشن و دیارە كە وێڕایی سودوەرگرتن لە كولتوردا ڕۆڵێكی كاریگەریش تێدا دەگێڕن. هەر كۆمەڵگایەك لە شێوەی یەكەیەكی پراكتیكی دا كاردەكات و تاكەكانی ناوخۆی ناو كۆمەڵگایەك هەستی وابەستە بون بە كۆمەڵگایان هەیە و بەجۆرێك لەناخی كۆمەڵگادا جێگیردەبن و لەبەرامبەر یاساكانی پرۆسەی كاروبارەكانی كۆمەڵگادا مل كەچن. كولتورو كۆمەڵگا پەیوەندییەكی توندیان بەیەكەوە هەیە ئەستەمە بتوانین بە ئاسانی لێكیان بكەینەوە، چونكە:

- كولتور هەمان بەردەوامی و ژیانی كۆمەڵگایە.
- كۆمەڵگا بێ كولتور بریتییە لە تاكێكی بێ ناسنامە.

لە ئەنترۆپۆلۆژیادا باوە هەر ڕەفتارێكی مرۆڤ لە ژیانی كۆمەلایەتیدا بەشێكی دانەبراوە لە كولتوری ئەو كۆمەڵگایەی تێیدا دەژی، چونكە نەخشەی كولتور لە سایەی پرۆسەی پەروەردەشەوە لەناخی مرۆڤ تۆماردەبێت و توخمەكانی لە چەشنی تۆیەك لە مێشكدا دەچێنرێت، بۆیە بەشێكی گەورەی عەقڵی مرۆڤ پێكدێنن.

هەر كۆمەڵگایەك خاوەنی جۆرێك لەڕاستی كۆمەلایەتی و كولتوری تایبەت بەخۆیەتی كە لە وانی تر جیای دەكاتەوە، بۆ نمونە ئەگەر منداڵێكی تازەی لە دایكبو لە كۆمەڵگایەكی خۆرهەلاتی ببەین بۆ كۆمەڵگای خۆرئاوایی لەوێ پەروەردە بكرێت دواجار ئەم منداڵە هەڵگری ڕاستیە كۆمەلایەتییەكان و كولتورو داب و نەریتی دەبێت.

بەڵام ئەم ڕاستییە کۆمەڵایەتییانە سەبارەت بە کۆمەڵگا ڕەسەنەکەی خۆی بەشتی نەشیاو دادەنێت. (جمیل، ۲۰۰۸، ل۲۸-۲۹).

## ۲-۲ گۆڕانی کولتوری (cultural change):

توخمەکانی کولتور زۆر ئاڵۆزن و یەکانگیر و جێگیرنین و بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێن بەتێپەڕبونی کات بەشێک لەدابونەریت لەناودەچێت یان دەگۆڕێت و یان تێکەڵی کولتوری گەورەتر دەبێت، کەواتە بەپێی کات و پێداویستییەکانی ژیان، هەندێک ڕەگەزی کولتوری بەردەوام دەبن و هەندێکی تر لەناودەچن هەروەها کولتور بەردەوام لەگۆڕاندایە، کەواتە کولتور دەستکەوتە، ئەگەر کولتور بریتیبێت لەکۆمەڵێک هونەر و مۆسیقا و جل و بەرگ و ئایین و بیروباوەڕ و ئەفسانە و دابونەریت کەنەگۆڕنین، کەواتە کولتور لەئەنجامی چاولێکەری تێکەڵبون دوبارە شیکردنەوەی کار و کاردانەوەی مرۆڤ و گروپەکان دروست دەبێت. (حسێن، ۲۰۱٤:۳۱-۳۲)

گۆڕانی کولتوری یەک لەو چەمکانەیە کە بەردەوام جێی سەرنج و بایەخی کۆمەڵناسان بوە بەگشتی، چونکە زۆربەی ئەو دیاردەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی کە لە هەر کۆمەڵگایەک دێتە کایەوە زیاتر لە گۆڕانە کولتوری و کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت.

مەبەست لە گۆڕانی کولتوری: بریتییە لە وەرچەرخانێکی سەرەکی لە بوارە کولتورییەکانی کۆمەڵگە لە چەشنی گۆڕان لە ستایلە هونەرییەکان یان گۆڕان لە نەریتە ڕیشەدار و بەها کۆنەکان، هەمو ئەم گۆڕانانە لە بواری کولتوری دواتر ئەشێ بە گۆڕانی کولتوری ناودێر بکردرێت.

لێرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە، کە گۆڕانی کولتوری و گۆڕانی کۆمەڵایەتی دو شتی زۆر لە یەک جودان، چونکە گۆڕانی کۆمەڵایەتی گۆڕانێکە لە کایەی زۆربونی دانیشتوان یان بۆ نمونە گۆڕانی ڕۆڵی ژن لە خێزان، بەڵام گۆڕانی کولتوری وەک وتمان گۆڕانێکە لە ئاستی کەرەستە کولتورییەکان ڕودەدات نەک لە بوارە کۆمەڵایەتییەکان. (شوانی، ۲۰۱۲، ل167)

## سەرچاوەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان:

وا پێدەچێت لەم سەردەمە تەکنۆلۆژیا گەنگترین هۆکاری کاریگەر بەسەر گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکاندا بێت. گۆڕانکارییە خێراکانی تەکنۆلۆژیا زۆرتر لە وڵاتانی پیشەسازی پێشکەوتودا ڕودەدات. چاوەڕوان دەکرێت کە هەرچەندە گۆڕانکارییە تەکنۆلۆژیاییەکان خێرایی زۆرتر لەخۆبگرێت، ئەو گۆڕانکارییە کولتورییانەی لەوەوە سەرچاوەی گرتوە زۆرترەوە بێت. هۆکارە کاریگەرەکانی دیکە لەسەر ئاستی خێرایی گۆڕانکاری، دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە باس بکرێت:

## ٢-٣ کۆمەڵگای خۆجێی:

گۆڕانکاری لەناکاو خێرا لە ناوچەی سروشتیدا بە کەمی ڕودەدات، بەڵام ئەگەر ڕوبدات، کاریگەرییەکی قوڵ دادەنێت، بۆ نمونە تایبەتمەندی ناوچەی عەرەبی کە شوێن سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامە، زۆر جیاوازە لەتایبەتمەندییەکانی ناوچە شاخاویەکانی کوردستان، واتە بەپێی کەشوهەوای گەرمی عەرەبستانی سعودی پۆشینی جلوبەرگی عەرەبی بەتایبەتیش قوماشی ڕەنگ سپی بۆ پارێزگاری کردن لە گەرما زۆر گونجاوە بۆ ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە، بەڵام پۆشینی ئەو جلوبەرگە لەناوچە شاخاوییەکانی کوردستان جگە لەزیانی ئابوری، کێشەی تەندروستیشی بۆ ئەندامانی کۆمەڵگەی کوردیی نیشتەجێی ئەو ناوچانە دروست دەکات، چونکە ئاوهەوا و ژینگەی ناوچە کوردییەکان پێویستی بەپۆشینی جلوبەرگی ڕەنگ ڕەش و تاریک هەیە تاکو لەبەرامبەر سەرمای وشکی ئەم ناوچانە پارێزگاری لەگەرمای لەشی مرۆڤ بکات. (حسێن، ٢٠١٤:٣٣)

گۆڕانکاری لە دانیشتواندا: هەر جۆرە گۆڕانکاریی بەربڵاو لە ژمارە و دابەشبونی دانیشتوانی وڵاتێک، بەردە قەرز گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی گونجاو لەگەڵ خۆی دێنێت، لەوانەیە زۆربونی دانیشتوان ببێتە هۆی کۆچبەری یان چاکبونی بەرهەمهێنان و ئەمە بۆ خۆی، لەوانەیە ببێتە هۆی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی.

پێویستییە ناسراوەکان: هەلومەرجی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ئەمەیە کە کۆمەڵگا پێویستییەکانی خۆی بناسێت. پێویستییەکان لایەنی زەینی و دەرونی هەیە وە هەر ئەوەندەی بارودۆخ بگۆڕدرێت، پێویستی نوێ سەر هەڵدەدات (کۆهێن، 2014، ل81–74) .

## ٢-٤ دواکەوتنی کولتوری:

کولتور هەمیشە لە حاڵەتی گۆڕان دایە، تەنانەت لەناو ئەو کۆمەڵگایانەش کە وەستاو کەم جوڵە دێنە بەرچاو، لەبەرئەوەی نمونە کولتورییەکانی کۆمەڵگایەک پێکهاتوە لە شێوازە ڕەفتارییەکان، دەزگاکان و ڕەگەز بەیەکەوە بەستراوەکانی تر، گۆڕان لە بەشێکی کولتوردا (داهێنان، زۆربونی ڕێژەی دانیشتوان، یان سەرهەڵدانی هەرشتێکی نوێ یان جیاواز) دەبێتە هۆی دروستبونی گۆڕانکاری و ململانێ و گوشار لەناو بەشەکانی تریشدا. لەم حاڵەتەدا زەرورەت و پێویستی گونجان و دوبارە ڕێکخستنەوەی، کە دەبێتە هۆی ئەوەی کولتور بە هاوسەنگییەکی نوێ بگات، لەوانەیە گۆڕانکاری هاوشێوەبون دروست بکات، بەڵام زۆرجار ئەم پرۆسەیەی هاوسەنگیە زۆر خێرا دەرناکەوێت و لەوانەیە کاتێکی زۆری بوێت بۆ ئەوەی بەشێکی دواکەوتوی کولتور بتوانێت بگاتەوە بە بەشەکانی ترو یەکبونی کولتوری بەرهەم بێت. بۆ نمونە دوای هاتنی ئوتومبێل بۆ ناو کۆمەڵگا بەرەبەرە حکومەتەکان لە وڵاتە جیاجیاکاندا بیریان لە دروستکردنی شەقامی گونجاو و ڕێگای گەورە کردەوە، هەروەها نیشانەی چەقاندن لەشەقامەکان و دانانی گڵۆپی سورو لە زۆر لە ڕێڕەوە گشتییەکانداو بەرەبەرە پاش زۆربونی ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان شێوەی وەرگرت، باری دیسپلینەکانی هاتوچۆو دروست کردنی گەراج نمونەیەکی ترە لەم بوارەدا.

سەرەڕای ئەو هەوڵانەی لە ئاستی جیهانیدا لەم بارەیەوە دراون مەودای نێوان زۆربونی ژمارەی ئوتومبێلەکان لە لایێکەوە و لەلایەکی تریشەوە و هۆکارو تواناکانی پەیوەست پێیانەوە بە شێوەیەکی ئاشکرا لە زۆر شوێنەکانی جیهاندا دەبینرێت، هەرچەند هەنگاونانی زۆر بۆ بەیەکەوە گونجاندنی هەلومەرجەکانی لە ئارادا بو. لە دەیەکانی دواییدا گەشەسەندنی بەربڵاوی خزمەتگوزارییەکان و کەرەستە کۆمپیوتەرییەکان بەرەبەرە بوەتە هۆی گۆڕانکاری زۆر لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا. یەکێک لە ڕەهەندانە کە دوا ڕودانی سەرپێچیەکان سەری هەڵدان کێشەی زۆر وەردەگرێت پەسەندکردنی چەند یاسایەکی تایبەتی پێویستە لەم بوارەدا کە ئەوانیش بەخێرایی کارایی خۆیان لە دەست دەدەن، چونکە خێرایی گۆڕان لە سیستمی یاسایی حکومەتەکاندا هەمیشە کەمترە لەخێرایی گۆڕانە تەکنەلۆژییەکان بۆ نمونە: (ئەلیکترۆنیک و ئامرازی پەیوەندی کردن وەک تەلەفۆن و فاکس). (دەروازەکانی کۆمەڵناسی، ل124)

گواستنەوەو بڵاوبونەوەی کولتوری: کولتور لە ڕێگای زمان و هێماکان دەگوازرێتەوە، لەگەڵ ئەوەی کە لەناو هەندێ جۆری گیانلەبەرەکاندا دەنگ بە هۆکارێکی پێککەیشتن دەژمێردرێت، بەڵام دەنگەکان ڕۆڵێکی کاریگەرییان نییە لە گواستنەوەی کولتوردا. مرۆڤ لە ڕێگای زمانەوە ڕابردو ئێستاو داهاتو بەیەکەوە دەبەستێت، زمان دەبێتە هۆی کەڵەکەبونی زانستەکان لە ڕابردوەوە تا ئێستاو داهاتوش.

کاتێک کە زمان بێجگە لە حاڵەتی قسەکردن شێوەی نوسینیش وەردەگرێت، توانای نوێ بۆ کەڵەکەکردنی کولتوری دێتەکایەوەو پرۆسەی گەشەسەندنی کولتوری خێرایی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێت بە درێژایی مێژو، کولتور، هونەرەکان، هزرەکان، بەرهەم و لێهاتوییەکانی زیاتر خەزن دەکات، و هەمیشە کولتورێک ناوەرۆکی پڕتربێت توندوتۆڵیەکەی زیاترە لە حاڵێکدا کە ڕەگەزی نوێ بۆ کولتور زیاد دەکرێن، هەندێک ڕەگەزکە کارامەیی خۆیان لە دەست دەدەن بەبەشە ناچالاکەکانی مێژوی کۆمەڵگا دەسپێردرێن. (دەروازەکانی کۆمەڵناسی، ل121).

## ٢-٥ جیاوازی کولتور:

تەنها هەر واقیعێکی ڕاستە قینە نییە، ئەمە شتێکە کەس نکوڵی لێناکات، بەڵکو ئەمە دیاردەیەکی گەوهەری دەنوێنێت، بە واتای ئەوەی ئەم تایبەتمەندیانە جێگیر و هەمیشەیین و لە کۆتاییدا ئەو کۆلکە هاوبەشەی لادەبات کە تایبەتمەندی کولتوریی دەرئەبڕێت، ئەوسا ئەتوانین باسی مێژوی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی گشتی بکەین. لەم چوارچێوەیەش دا من دەڵێم ئەو بیردۆزانەی کە بیرۆکەی چەسپاوی تایبەتمەندی کولتوری ئەسەلمێنن هێندەی ئەوەی کە لە بیرۆکە باسکراوەکەی پێشەوەوە دەرئەچێت چەواشەکەرە، یان ئەتوانین بڵێین ئەو وا سەیری جیاوازیەکە ئەکات گوایە ڕێسایە، کەچی دیاردە پێکچوەکان تەنها بە ڕێکەوت دائەنێ (غلیون، ٢٠٠٥، ل90).

### ٢-٦ ڕێکخراوی کولتور:

هەر کولتورێک بە شێوەی سیستەماتیک ڕێکخستن لەخۆدەگرێت تاکو دەرفەتی پەیوەندی کاریگەر بۆ تاکەکان و گروپەکان پێک بێنێت. توخمی کولتوری بە بچوکترین یەکەی کولتور دەگوترێت کە لەوانەیە دەستەواژەیەک (شتێک) بزاوتن یان هێمایەک بێت.

کۆمەڵگەی کولتوری دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێکی ئاڵۆز لە توخمی سەر بەو کولتورە، دامەزراوە سیستمی پەیوەندی کۆمەلایەتی بە پارادایم کراو ڕێکخراوێکە کە لە چوارچێوەی ئەودا، کار کردەکان و بەراوردکردنی پێویستیە خێراکانی تاک و بە کۆمەڵ پێکدێنێت.

هەمو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بۆ بەڕێوەچونی کارکردە خێراکان و دابینکردنی پێویستیە بنەڕەتییەکانی ئەندامانی گروپەکەی خۆی، پێنج دامەزراوەی کۆمەلایەتی سەرەکی دامەزراندوە. ئەم پێنج دامەزراوەیە بریتیین لە: دامەزراوەکانی بنەماڵە، پەروەردەو فێرکردن، سیاسەت، ئابوری و ئایین.

### ٢-٧ دژە کولتور(Contera Culture):

ئەو بەشە کولتورانەی کەوا لەگەڵ کولتوری زاڵدا لەناکۆکییەکی چالاکانە (ئەکتیڤ) دان بە دژە کولتور ناودەبرێن واتە گروپێک کە نۆرمەکان و چاوەڕوانییەکانی کولتوری زاڵ دەخاتە بەرپرسیاری چۆن و بۆچییەوە و قبوڵی ناکەن، لەسەرەتادا کۆمەڵناسە ئەمریکیەکان و هەروەها ئەوانەی لەگەڵ قوتابخانەی پزیشکی دەرونیدا لە ئینگلتەرا (لەسالانی ١٩٦٠) ئەم زاراوەیان بەکارهێنا بۆ ئاراستەکردنی خۆپیشاندانە گشتییەکان چەند گروپێک لەخەڵک و بەتایبەت گەنجەکان و ڕۆشنبیرەکان لەولاتە پیشەسازییە پێشکەوتوەکاندا. (موحسینی، ٢٠٠٢: ١١٧)

کەسێک کە لەژێر کاریگەریی هەژمونیی کولتوری بێگانە دایە و لەناو خەڵکێکدا ژیان بەسەر دەبات کە لە باوەڕە بنەڕەتییەکاندا لەگەڵ ئەو خاڵێکی هاوبەشییان نییە، توشی دژە کولتوری دەبێت.

کولتورو وەرگرتن: یەکێک لەسیما ئەرێنیەکانی پێکەوەژیان و پەیوەندی کولتوری ئەوەیە کە لەژێر ناوی تایبەتگەرایی و بنیادگەرایی کولتوری دژایەتیی پرۆسەی بەجیهانیبون ناکرێت، کۆمەڵگاکان سنوری کولتوری خۆیان داناخەن و لەگەڵ کولتورەکانی تر بەشێوازێکی ئاشتیانە دەژین. (گیدنز) ئەم کۆمەڵگایانە بەکۆمەڵگای خاوەن کاردانەوەی کۆمەلایەتی پێناسەدەکات، ئەو پێییوایە دابونەریت و سروشت کە دو هۆکاری سەرەکی دڵنیابون و بەردەوامبونی ئەم کۆمەڵگایانەن.

# باسی سێیەم: ڕەفتاری کولتوری بەرخۆری کولتوری سەرمایەیی کولتوری

## ٣-١ ڕەفتاری کولتوری کۆمەڵایەتی:

هیچ شتێ لەبەر دەست دانییە ئەوە بسەلمێنێ کە ڕەفتاری کولتوری کۆمەلایەتی لەڕێگەی بایۆلۆجی و ئەندامێتییەوە بگوازێتەوە لە باوانەوە بۆ نەوەکانیان، چونکە مرۆڤ هەرگیز بەرجەستەی کردارێکی کۆمەلایەتی ناکەن گەر بەشێوازێک فێرنەبوبن، گشت کۆمەڵگایەکیش ڕێسایەکی کلتوری هەیە بۆ ئەوەی پێش کەشی نەوە پێگەیشتوەکانی بکات، سەرەڕای ئەوەی بە بیرو جۆریەتیەکی باش هەمو تاکەکان کولتوریان فێردەکرێت بەگشت ڕەگەزەکانیەوە بەلام هەرگیز ئەو تاکانە ناتوانن سەرجەم ئەو کولتورە بە تەواوی وەک خۆی وەرگرن لە کۆمەڵگەدا، چونکە کولتورێک هەیە تایبەت بەڕەگەزەوە هەشمانە تایبەتە بەتەمەنەکانەوە، واتە کولتورێک بۆ فێرکردنی پیاوان و کولتورێکیش بۆ فێرکردنی ژنان، هەروەها پیدانی کولتور بە کەسانی گەورەو کەسانی بچوک. ڕەفتاری کۆمەلایەتی کولتوری سەرەتاکانی فێربونی لە ماڵ و خێزان و دایک و باوک و دواتر خزمە نزیکانەوە دەست پێدەکات، پاشان بەگەشتنی منداڵ بۆ قوتابخانە لەڕێگەی ئەم ناوەندەی خوێندنەوە فێری کولتوری کۆمەڵگەکەی دەبێت، دواتریش دامەزراوەکانی دیکە بە تایبەت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، دامەزراوە ئاینییەکان دامەزراوە کەیف و شادی هێنەرەکان گواستنەوەی کولتور لە ئەستۆ دەگرن. (ناصر، 2013، ل116-115).

## ٣-٢ بەرخۆریی کولتوری:

وەک سەرجەمی بوارەکانی تری ژیانی کۆمەلایەتی لە کوردستاندا، بەرخۆریی لە ئاستی کولتوریدا دیاردەیەکی بەرچاو بەرفراوانە و لە زیاد لە ڕەهەندێکی ژیانی فەرهەنگی ئێمەدا ئامادەیە. کوردستان، بۆ نمونە، پڕبوە لە فلیمی کۆپیکراو داگیراو لە تۆرە یاساغەکانی ئینتەرنێتەوە، فرۆشتنی ئەم جۆرە فیلمانە بە پارەیەکی کەم و لەسەر سی دی چالاکییەکی ئابوری تازەیە کە بەر لە قۆناغی ئینتەرنێت لە کوردستاندا بونی نەبوە. ئەم فیلمانەش هەمە جۆرەن، لە فیلمە بەناوبانگەکانی هۆلیودەوە بیگرە بۆ فیلمە هیندییەکانی بۆلیود و لە وانیشەوە بۆ فیلمی یابانی و تورکی و عەرەبی و فارسی و...هتد.

ئەوەی بۆ بواری فیلم ڕاستە بۆ بواری مۆسیقاش بەهەمان شێوە ڕاستە، مۆسیقای کۆپیکراو بەشێکی گرنگ و گەورەی بازاڕی مۆسیقایە لە کوردستاندا، هاوکات داگرتنی کتێب لە ئینتەرنێتەوە و کۆپیکردن و فرۆشتنیان بوە بە بەشێک لە بازاڕی کتێب فرۆشی لە کوردستاندا. زنجیرەی تەلەفزیۆنی بیانی دۆبلاژکراو، ئەفلام کارتۆنی دۆبلاژکراو، فیلمی دۆبلاژکراویش جۆری تری ئەو بەرخۆرییە کولتوریە نوێیە نیشان دەدەن کە لە وڵاتەکەدا دروستبوە. هەر لەم ئاستەدا بونی وەرزش و وەرزشکردن بە چالاکییەکی نوێ، هاوکات دروستبونی گروپی هاندەرانی یانە گەورەکانی دونیای لە جۆری بەرشلۆنە و ڕیاڵ مەدرید بون بە دیاردەی کولتوری بەرچاو زۆرجار نمایشکردنی ئەم لایەنگیرییە سنوری هەمو چاوەڕوانییەک تێدەپەڕێنن. فرۆشتنی جلوبەرگی کۆپیکراوی

ئەو یانانە و فرۆشتنی وێنەی یاریزانەکانیان بازاڕێکی تایبەتی لە شارەکانی کوردستاندا هەیە. لە هەمو ئەم ئاستانەدا بەرخۆریی ئینسانی ئێمە بە دونیایەکەوە گرێ دەدات، یان بە دونیایەکی ئاشنادەکات، یان دونیایەک دەخاتە بەردەستی، جیاواز لەو دونیا ناوچەیی و لۆکاڵیەی خۆی کە تیایدا دەژی. هەمو ئەمانەش وەک بەشێکی گرنگی شوناسی ئەو تاکە کەس و گروپانە ئامادەن، وەک وتم ئەم بەرخۆرییە کولتورییە تەنها بوارە عەلمانی و نادینییەکانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو بازاڕی حجاب و بازاڕی شریت و مۆسیقا و خوتبە و کتێب و فیلمی دینیش بازاڕێکی چالاکە و جوڵەیەکی گەورەی کڕین و فرۆشتنی تێدایە. (قانیع، ٢٠١٢، ل٥٠-٥١).

### ٣-٣ سەرمایەی کولتوری:

زاراوەی سەرمایەی کولتوری کە لەم ساڵانەی دوایدا باوبوە لە ڕێگای بەراوردکردنی لەگەڵ سەرمایەی داراییدا جێی باس بوە. لە لایەکی ترەوە سەرمایەی کۆمەڵایەتی پێکدێت لەو کۆمەڵە پەیوەندی و مەعریفانەی کە تاکێک دەتوانێت بە مەبەستی خۆئامادەکردن بۆ بەرگریکردن لە خۆی یان زاڵبون بەسەر هەڵەکاندا لە کۆمەڵگادا بەدیان بهێنێت. دەتوانین هاوسەرگیری وەکو هۆکارێکی زیادکردنی سەرمایەی کۆمەڵایەتی دابنێین، بەهەمان شێوە کە کۆمەڵە جۆراوجۆرە خۆبەخشەکان وەکو (هاوپۆلانی ڕابردو، دانیشتوانی شارێک و...) ئاوا ڕۆڵێکیان هەیە. لەسەر ئەم بنەمایە سەرمایەی کولتوری لەو کۆمەڵە هۆکارو توانایانە پێکدێت کە بە شێوەیەکی بەردەوام توانای ئەوە بە تاک دەدات تاوەکو بەکاربەرو لەوانەیە وەک بەرهەمهێنەریش دەستی بە کاڵا کولتورییەکان بگات. (دەروازەکانی کۆمەڵناسی، ل١١٩)

## باسی چوارەم: پەیوەندی نێوان کاریگەری زمان و کولتور

### -پێکگەیشتن کولتور و زمان

پێکگەیشتن یان پەیوەندیکردن پرۆسەیەکە کە بەهۆیەوە (هەواڵەکان) بەبێ ڕەچاوکردنی ماهییەتەکەیان و ئەو هۆکارەی کە بەکاردەهێنرێت لە تاکێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ تاکێکی ترو بەم شێوەیە کردەی کارلێکی کۆمەڵایەتی بواری ئەنجام دانی بۆ دەرەخسێت. دەتوانین ئەو کۆمەڵە هەلومەرجانەی کە زاڵن لەسەر کاری پێکگەیشتن چڕو کورت بکەینەوە لە:

ڕەهەندە فیزیکییەکان (ژینگەی دروست کردنی پێکگەیشتن وەکو هۆڵ (قاعە) پۆل و هتد...)، ڕەهەندە کولتورییەکان (شێوەی ژیان–بیروباوەڕەکان– بەهاکان هتد..)، ڕەهەندە دەرونی – کۆمەڵایەتییەکان (پایەی کۆمەڵایەتی تاکەکان – ڕێسا کولتورییە زاڵەکان بەسەر کۆمەڵگادا – ڕەسمی یاخود نارەسمی بونی هەلومەرجەکان و هتد...) هەروەها ڕەهەندی کاتی (کاتی پێکگەیشتن) (دەروازەکانی کۆمەڵناسی، ل119).

زمان لەگرنگترین فاکتەری پەیوەندیکردنە بەهۆیەوە کولتور لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر دەگوازرێتەوە (بیتس بلاک، ١٣٩٠:٣٥) هەروەها زمان بەشێکە لەکولتور و ئامرازێکی گرنگی فێربونی کولتورییە (بشیریە، ١٣٨٥:٤٢).

زمان گرنگترین ئامرازی گۆڕینی ڕەفتاری مرۆڤە، چونکە هاوکاری و هەماهەنگی کۆمەڵایەتی کە مەرجێکی سەرەکی پێکهاتنی کۆمەڵگا و یەکێکە لەپرۆسە کۆمەڵایەتییەکان، بەبێ بونی زمان ئەستەمە دروست ببن (شوانی، ٢٠١٧:٩٢).

زمان وەک ڕەگەزێکی مەعنەوی کولتور بەرهەمی کولتوری گروپێکی دیاریکراوە، زمان وەک توخمێکی بنەڕەتی کولتور و ئامرازێکی گرنگی گواستنەوەی میراتی کولتوری، ڕۆڵی لەپرۆسەی گەشەسەندنی کولتوری چییە؟ بەگشتی زمان یەکێک لەگرنگترین و بەهێزترین هۆکارەکانی دروستبونی ناسنامەیە لەهەمو کۆمەڵگایەکدا.

زمان خاوەن کولتورە هەمو کولتورێک دەبێ بەزمانێک دەرببڕێ، بۆیەش زمان ئەگەرچی بەشێکە لەکولتور، بەڵام کەسایەتیی تەواوی خۆی هەیە و لەبەرئەوەشە کە هەمیشە دەگوترێ: زمان و کولتور بۆیە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، زمانی ستاندارد کە لەئەنجامی پرۆسەیەکی مێژویی دورو درێژدا تێپەڕدەبێت هەمو ڕەوت و بوار و دیاردەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێ، کەواتە کۆمەڵگا لەڕوی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کولتورییەوە دواکەوتو نابێ ئەگەر زمانێکی ستانداردی پێشکەوتوی بۆ دروست ببێ، پێچەوانەکەی ئەمەش هەر ڕاستە کەواتە زمانی ستاندارد ناو ئاسەواری نەتەوەکە بەزیندویی دەهێڵێتەوە و هێمایەکە بۆ ئاست بەرزی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، زمانی ستاندارد بەرهەمی پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییە (میران، ٢٠١٦:٧٨-١١٦).

(ئیدوارد ساپیر) لەم ڕوانگەیە پێیوایە: مرۆڤەکان لەهەندێک بواردا بەندکراوی زمانەکانیانن، چونکە هەر زمانێک نیشانەی واقیعێکی کۆمەڵایەتی جیاوازە، ئەگەر زمانی نەتەوەیەک شوێنەکەی بۆ زمانی نەتەوەیەکیتر چۆڵبکات، کولتوری ئەو نەتەوەیە شوێن بۆ کولتوری نەتەوەیەکی تر چۆڵ دەکات، کەواتە زمان هێمای کولتوری گروپێکی دیاریکراوە، ناسنامە و شێوازی هزر و ڕەفتاری تایبەتی ئەندامانی کۆمەڵگا بەهۆی زمانەوە بەهێزتر دەبێت.

زۆربەی گۆڕانکارییەکانی زمان لەو کاتەدا ڕودەدەن کە کۆمەڵگا و کولتور لەگەڵ یەکتردا گونجاون، مرۆڤەکانیش لەئەنجامی پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆڕ چەمک وشەی نوێ لەکولتورەکانیترەوە وەردەگرن (بیتس و بلاک، ١٣٩٠: ٤٥٢-٤٦٤)

## باسی پێنجەم: جۆرناسی کولتوری دژەکولتوری و کولتوری کەسێتی:

### جۆرناسی کولتوری:

کولتور یان شێوازی ژیان لەهەر کۆمەڵگایەکدا جۆر و شێوازی کەسایەتیی جیاواز بەرهەم دێنێت و جیاوازی کولتوری دەبێتە هۆی دروستبونی کەسایەتی جیاواز، ئەنترۆپۆلۆژیستی ئەمریکی (ئەبرام کاردنەر) پێیوایە بونیادی کەسایەتی لەژێر کاریگەری فاکتەری کولتوری و ژینگەییدایە، کەواتە کەسایەتی بریتییە لەکۆی ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییە چەسپاو و ڕەگداکوتاو جێگیرانەی کە لەئەنجامی کارلێکی هۆکاری کۆمەڵایەتی و پەروەردەییدا کەسایەتی جیاواز دروست دەبن (شوانی، ٢٠١٧:١٨٧-١٩١). لەنێوان کولتور و کەسایەتیدا پەیوەندییەکی هاوبەش هەیە بەو مانایەی هیچ یەکێکیان بەبێ ئەویتریان نابێت، بگرە کاتێک باسی یەکێکیان دەکەین وەک ئەوەیە کەباسی ئەوەی تریشمان کردبێت. ئەم بابەتە بەشتێکی هاوبەش نێوان ئەنترۆپۆلۆژیستەکان

دەروونناسانە دەكرێت بڵێین كولتور و كەسایەتی یەكتر تەواودەكەن، بەڵام نەک لەبازنەیەكی داخراودا، بەڵكو هەریەكەین گۆڕانكاری لەوی تریان دروست دەكات بەشێوەیەكی داینامیكیانە پەیوەندی نێوان ئەو دوانە بەردەوامە، هەروەها سیماكانی كولتوری نەتەوەیی تاڕاددەیەكی زۆر بەسەر كۆمەڵگەی كوردییەوە دیارن. بۆیەش پشتگوێخستنی توخمە كولتوریەكان كاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر كاڵكردنەوە و لاوازكردنی ئینتیمای نەتەوەیی هەیە (كاكەسور، ٢٠١٢:٤٩-١١٠)

## باسی شەشەم: توخم و میكانیزمەكانی كولتورو كولتوریبونی جیهان

### ٦-١ توخمە كولتورییەكان:

كولتور پێكهاتەیەكە لە چەندین توخمی جیاوازو لێكدراو، هەر توخمێكیش لەگەڵ توخمێكی تر بە ئەڵقەی فرمانیەوە بەیەكەوە گرێدراوە، لە دواییدا لێكدراوی كولتوری پێكدێنن كە ئەو لێكدراوە خۆشی سیمایەكی تایبەتی وەردەگرێت و ناوێكی هەمیشەیی پێدە بەخشرێت و لەلایەن كۆمەڵەوە دانی پێدادەنرێت، پێكهاتەكانی ناو كولتور توخمی ماددی و مەعنەویین، میتۆلۆژیا سیستمی زمان، هونەر، ئایین و سیحر و بیروباوەڕ، دابونەریت و پەیوەندییەكان لەو توخم و پێكهێنەرە كولتورییانەن.

میتۆلۆژیا: گەورەترین و بەهێزترین توخمی كولتور میتۆلۆژیایە، كە هەرچەندە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەزەقی دیارنییە، بەڵام هێزێكی سەرەكییە لە زۆربەی كۆمەڵگەكان كەوا سستەم و دابونەریتەكان كارا دەكات، ئەوەتا باڵاكردنی بەها و بیروباوەڕ لە خورافات و ئەفسانەكانی بەرایی بێجگە لەوەی فاكتەرێكە بۆ گواستنەوەی ئەو بەهاو بیروباوەڕانە بۆ تازەپێگەیشتوانی كۆمەڵگە، ئەوا لە هەمان كاتدا مەبەستێكی نادیار لە ناوەڕۆكیدا بەدیدەكرێت، كە ناڕاستەوخۆ ئاراستەی ئەقڵی مرۆڤەكان دەكرێت، بەمەش لە نەخشەی زەینیان تۆماردەبێت، ئەو مانا نادیارەش لە سادەترین شێوەیدا دەربڕینی بەها و چەمكی خێرو شەرە، هەروەها چیرۆكە زارەكییەكانیش كە گێڕانەوەی ئەفسانەیە زانیاری بە منداڵ دەدەن لە بارەی شێوەی ڕوبەڕوبونەوەكانی مرۆڤی سەرەتا لەگەڵ سروشت و گیانەوەرە دڕندەكاندا (ئەنتروپۆلۆژیا، ٢٠٠٤)

ئایین و سیحر و بیروباوەڕ: ئایین ڕۆڵێكی گەورەی و بەرچاوی لە داڕشتنی بنەما كولتورییەكانی هەر گەلێك و بنەمای داڕشتنی بەهای كولتورییە لە ناو كۆمەڵگاكاندا هەیە. بەدرێژایی مێژو ئایین توخمی سەرەكی بوە لە دەستنیشانكردنی بەها كولتوری و كۆمەڵایەتییەكاندا، چونكە پەیوەندییەكی ڕۆحی و سۆزدارییە لە نێوان مرۆڤ و هێزی سەرەوەی سروشت، یان پەرستنی بونەوەرەكانە لەو كاتەش پراكسیسی سروتییە كە یارمەتیدەرێكە بۆ پەیوەندیكردن بەو هێزە، هەروەها توانای بەردەوامی هەیە و هیچ ئایینێك نییە كاتی بێت، چونكە ئەگەرچی هەندێك لە ئایینەكان نەماون و لەناوچون، بەڵام لە كاتی سەرهەڵدانیاندا ڕۆڵی گەورەیان هەبوە لە بڵاوكردنەوەی ڕۆشنبیری كۆمەڵایەتی هەر گەلێك، بۆیە ئایین وەكو پەیوەندییەكی كۆمەڵایەتی گرنگ خراوەتە ناو سستمی كۆمەڵایەتییەوە.

سیحر: ڕێگەیەکە تێیدا هەوڵێکی بەردەوام لە پێناو زاڵبون بەسەر ژینگە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەدرێت، هەروەها یارمەتیدەرێکە بەهۆیەوە دژایەتی سیحر و جادوگەری دیکە دەکرێت و سەرکەوتن و دەسکەوتەکانیان دەڕوخێنرێت کە بە دەستیان هێناوە سیحر بابەتێکە بەردەوام کۆمەڵگە بەرایی و تەقلیدییەکان پێیەوە خەریکن، بەتایبەتی لەوکاتانەی دوچاری کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی دێن، ئیدی بۆ دەربازبون لەو گرفتانەی کە ناتوانن بە سەریدا زاڵبن، ئەوا هانا بۆ سیحر و شێوەکانی تری هاوشێوەی دەبەن.

لە ڕاستیدا سیحر تەنیا وەهمێکە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی کۆمەڵگە باوەڕی پێی هەیە، ئەوا کاری خۆی دەکات، جگە لەوەش سەرەتای سەرهەڵدانی سیحر وەکو کاردانەوەیەک بۆ ڕوداوە سروشتییەکان دەگەڕێتەوە، کە مرۆڤ دوچاریانبوەتەوە، لەبەرئەوەی لە کۆندا بیرۆکەیەکی مرۆڤی سەرەتایی بوە بۆ بەرەنگاربونەوەی کێشەکان. سیحر لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا جێگەی زۆر لایەنی یاسایی و پزیشکی دەگرێتەوە و لەبری ئەوان کاردەکات.

زمان: بریتییە لە سستەمێک ئاماژە و هێما و دالی ڕێکخراو، هەر ئاماژەو هێما و دیالێکیش خاوەنی مانای دیاریکراوی خۆیەتی و لە سایەی نەسەقی دامەزراوی زمانەوە مانابەخشن و شێوازێکە لە شێوازەکانی دەربڕین و گەیاندن و تێگەیشتن لە نێوان مرۆڤدا و تایبەتمەندییەکی مرۆییانە. لەبەرئەوەی زمان مۆرک و سیمای مرۆڤ دیاری دەکات، بۆیە بەبونێکی زیندو دادەنرێت، زمان توخمێکی بنەڕەتی کولتورە، میکانیزمی لێکگەیشتنی نێوان مرۆڤەکان و بە زیندو ڕاگرتنی پێکهاتەکانی تری ناو کولتورە، هەر لە بەرەبەیانی ژیانی مرۆڤەوە لە سادەترین شێوەیدا ئاماژە و هێمایە بونی هەبوە و بەردەوامیش لە پاڵ پێشوەچونی شارستانیەت لە گەشەسەندندا بوە تا گەیشتە قۆناغێکی باڵای خۆی کە ئاستی نوسینە.

هونەر: هونەر فاکتەرێکی گرنگی کولتورییە و بەشێکی گرنگە لە کولتوری هەر گەل و نەتەوەیەک و ئەنجامی دەست ڕەنگینی و پێشکەوتنی خەیاڵی کۆمەڵایەتییە و بەرجەستە بونیەتی لەناو کاری هونەری لەشێوەی هونەری شێوەکاری و داتاشین و قوڕکاری (سیرامیک) موزیک و شانۆ و سینەما و کارە دەستییەکان و بیناسازی و سەمای میللی و...هتد.

بەردەوام هونەر ملکەچی دابونەریتی ناوخۆییە، بەوەش دەبێتە بەشێکی گرنگ لە بنەما کولتورییەکان و کاریگەری زۆری لەسەر سستەمی گشتی بەهای کۆمەڵایەتی دەبێت.

بەگشتی هونەر بەشێوەیەکی پتەو بە ژیانی کۆمەڵایەتی گرێدراوە و لەدێرزەمانەوە هونەر ئامرازێک بوە بەهۆیەوە مرۆڤ بەرگری لە دژوارییەکانی کردوە و تەعبیری لە ژیانی ئەوسای خۆی کردوە. گرنگترین فرمانی هونەر بەشداریکردنە لە بواری دەزگا شارستانییەکانی تر ئەمەش بۆ پاڵپشتیکردنی بەها کۆمەڵایەتییەکانە.

عورف: بریتییە لە کۆی کۆمەڵێک ڕەفتارو هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتییانە لە نێو کۆمەڵگەدا و زۆر لایەنی ژیانی مرۆڤیش دەگرێتەوە و فاکتەرێکی گرنگی دەستنیشان کردنی بەهای ڕاستی و هەڵەیە لە ناو کۆمەڵگاکاندا، بە تایبەتیش کاتێک لە میانەی پەندی پێشینان و حیکمەتی کۆندا خۆی بەرجەستە دەکات، ئەوە جگە لەوەی بە گشتی لەناو پەندی پێشینان و گۆرانی میللی و فۆلکلۆری کۆن و چیرۆک و حیکایەتە میللییەکاندا خۆی وەکو ڕوخسارێکی کولتورو ڕۆشنبیری گەلان دەردەخات.

عورف لەناو گەلانی بەراییدا تاکە سەرچاوەی هەڵێنجانی یاسا بوەو فاکتەری سەرەکی دادپەروەری بوەو سستمی یاسایی کۆن بە تەواوی پشتی بەعورف بەستوە، تا ئێستاش عورف لە ناو بەشێکی زۆر گەلانی دونیا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، ئەگەرچی ئەو گەلانە پێشکەوتون و سستمی یاسادانانیش گۆڕاوە، بەڵام بەشێکی گرنگی یاساکانی بەپێی عورف ڕێکدەخرێت و عورف جێگای یاسای گرتۆتەوە، چونکە ماوەیەکی زەمەنی ئەو عورفانە پەیڕەودەکرێن و شێوەی یاساییان وەرگرتوە.

دابونەریت: توخمێکی مەعنەوی سەرەکی کولتورە کە لە پانتایی کۆمەڵایەتی شێوەی نیمچە یاساییەکی وەرگرتوە، دابونەریت دیوی دوەمی کۆمەڵێک بیروباوەڕ و بەهای کۆمەڵایەتی و باوەڕی ئایینی و پەیرەوی سیحری و ئەدەبی میللی و ئەفسانەو خورافات و زانیاری گشتییە کە لە سایەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کەسەکاندا دەردەکەوێت.

## ٦-٢ میکانیزمە کولتورییەکان:

کولتور لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵگە سەرهەڵدەدات و لەگەڵ نەمانی کۆمەڵگەشدا نامێنێت و لەناودەچێت، بۆیە پەیوەندی نێوان کولتور و کۆمەڵگە پەیوەندییەکی دیالێکتیکییە و لەسەر بنەمای کارلێککردن بونیادنراوە و وەستاوە، بۆیە ئەوە پرۆسەی بونیادنانی کۆمەڵایەتییە.

گوتمان کولتور بۆ ئەوەی بتوانێت باشتر کارەکانی خۆی ئەنجام بدات، هانا دەباتە بەر کۆمەڵێک میکانیزمی کولتوری، ئەو میکانیزمانە خۆیان دەسکەوتی کۆمەڵایەتی و کولتوری گەورەی مرۆڤن لە سەردەم و کات و ساتی خۆیاندا، بەڵام داهێنراوی کولتورین.

کەواتە داهێنراوی کولتوری دەبێتە دەسکەوتی مرۆڤانە، ئا لێرەوە کێشەو ئیشکالییەتە کولتورییەکان دەست پێدەکەن، چونکە جۆرێک لە تێکەڵاوی و ئاڵۆزی هەیە. بەگشتی ئێمە دەتوانین میکانیزمە کولتورییەکان دابەش بکەینە سەر (سێ) میکانیزم و هەرسێکیان بەیەکەوە زمانی کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان لە قۆناغە جیاجیاکاندا پێکدێنن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- جوڵە
٢- ئاخافتن
٣- نوسین

دیارە هەر یەکێک لەو سێ میکانیزمە پەیوەستن بەچرکە ساتی مێژویی دیاریکراو لە مێژوی مرۆڤایەتیدا و لە میانەی پێشکەوتنی مرۆڤیشدا بەدوای‌یەکدا دێن، بۆیە دەشێت هەر قۆناغێک لەو قۆناغانە بە هەزاران ساڵی خایاندبێت و درێژەی کێشا بێت، چونکە مێژو فێرمان دەکات کە هەرگیز کردەی بازدانی مێژویی لە قۆناغ و میکانیزمێکی کولتورییەوە بۆ قۆناغ و میکانیزمێکی کولتوری تری تازە، ڕاستەوخۆ و لە ناکاو نەبوە، بەڵکو

سەدان ساڵ پێشتر ئامادەسازی بۆ کراوە، تاوەکو لە چرکە ساتێکی دیاریکراوی مێژوییدا ئەو بازدانە گەورەیە ڕویداوە و بەدیهاتوە.

## ٦-٣ کولتور وەکو نەخشەی زەینی:

مرۆڤ بالاترین گیانلەبەرە کە بێجگە لە جیاوازییە بایۆلۆژییەکان، بەهۆی بونی ڕەفتارێکی دیاریکراو لەسەرجەم گیانلەبەرەکانی تر جیادەکرێتەوە، هەر وەکو ئاکارە داڕێژراوەشە هانی دەدات بۆ داهێنان و پێشکەوتنی، خودی ئەو ئاکارەش هەڵهێنجراوی کولتوری باوە، کولتوریش بەرهەمهێنراوی مرۆڤایەتییە لەسەر ئاستی مێژویدا، ئەو چنراوە مرۆییە دواجار وێنەی نەخشەیەکی داڕێژراوە و پتەو پێکدێنێت، ئەو نەخشەیەی لە بنەچەدا موڵکی هیچ کەسێکی دیاریکراو نییە، تەنانەت خاوەنی تاکە مێژویەکی دیاریکراویش نییە و لە ناوەوەیدا کۆی بیروباوەرە گشتگیرو بەهاو چەمکەکانی هەڵگرتوە وەکو بەرسڤێک بۆ کۆی پنتەکانی ژیانی کردەکی.
هەر ڕەفتارێکی مرۆڤ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، بەشێکی دانەبڕاوە لە کولتوری ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژێت، چونکە نەخشەی کولتوری لە سایەی پرۆسەی پەروەردەیی گشتییەوە لە ناخی مرۆڤ تۆمار دەبێت و توخمەکانی لە چەشنی تۆڕێک لە مێشکیدا دەچێنرێت، بۆیە بەشێکی گەورەی ئەقڵی مرۆڤ پێکدێنێت، دیارە ئەمەش بەپێی پلەی تەمەن کەم و زیاد دەکات، کەواتە نەخشەیەکی زەینی لە ئەقڵی تاکەکەسدا دەخولقێنێت، بەو پێیەش تاکەکەس ڕاستەوخۆ بەگوێرەی چۆنیەتی ئەو نەخشەیە بەڕێوەدەچێت، لێرەوە بیرۆکەی دانانی (نەخشەی زەینی) لەناو مەعریفەی ئەنترۆپۆلۆژی هاتەئارا.
دەتوانین (نەخشەی زەینی) بەم جۆرە پێناسە بکەین بەوەی ئەو نەخشەیە لەسەرتاپای کولتوری باوی گروپ و کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو پێکهاتوەو چەمکی ژیان لەلای کەسەکان لەسەر یەک وێنە پیشان دەدات، کەسەکانیش هەڵگری ئەو نەخشەیە دەبن. سەرجەمی توخمە کولتورییەکان بەئەڵقەی فرمانەوە بەیەکەوە گرێدراون و هەریەکەیان پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئەویدیکەدا هەیە، بەمەش لێکدراوی کولتوریی پێکدێنن، نەخشەی زەینی بونیادێکی چەسپاوی هەیەو شێوەی بازنەیی وەرگرتوە و بەسەر ویستی مرۆڤدا زاڵە، مەبەستمان بازنەیی واتە لایەنە هزری و کردارییەکەی مرۆڤە کە چۆن هەمو ڕۆژێک لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا لەسەر هەمان ڕیتم دوبارە دەبێتەوە (ئیسماعیل، 2008، ل104–90).

## ٦-٤ کلتوریبونی جیهانی:

بە جیهانیبون دەتوانین بە گرنگترین و زەقترین بابەتی کۆمەڵگەی جیهانی بژمێرین. ئێستاکە بەرپرسە حکومەتییەکان کێشە ئابورییەکانی وڵاتەکانیان دەگەڕێننەوە بۆ ئەو فشارانەی لە بەجیهانیبونەوە سەرچاوەیان گرتوە.

هەڵسوڕێنەرانی دەزگا ئابورییە جۆراوجۆرەکان، بچوک کردنەوەی کۆمپانیاکانی خۆیان بۆ درێژەی ژیان لە چوارچێوەی ئابوریی جیهانیدا بە پێویست دەزانن: لایەنگرانی ژینگە سەبارەت بە کارتێکەرییە وێرانکەرەکانی پرۆسەی کۆنترۆڵ نەکراوی بەجیهانیبون هاوار دەکەن و پشتیوانی کۆمەڵە خۆجێییە جۆراوجۆرەکان سەبارەت بە لەنێوچونی وردە کولتورەکان لە بەردەم شەپۆلی گشتگیری کولتوری جیهانی دا وریایی دەدەن.

سەرەڕای گشتگیربونی باس کردن سەبارەت بە (بەجیهانیبون)، هێشتا کۆدەنگییەکی ئەوتۆ لە سەر ناوەرۆک و چییەتی ئەو نەهاتۆتە ئاراوە و پێناسەکردنی ئەم دیاردەیە هەروا مشتومڕی جدی لەسەرە. توێژەران و تیۆریستە جۆراوجۆرەکان پێناسەی جۆراوجۆریان لە پرۆسەی بەجیهانیبون کردوە و لەسەر چەمکی ئەو دەست دەکەن بە دەمەتەقەی بێ کۆتایی.

تەنانەت هەندێک لە بیرمەندان، (بەجیهانیبون) بەڕازە (ئەفسانە)یەک زیاتر نازانن و هەر جۆرە قسەکردنێک سەبارەت بە (بەجیهانیبون) دەگەڕێننەوە بۆ کاریگەری جۆرێک وەهم یان زێدەگۆیی لە ڕوانگەی ئەم دەستەیەوە، ئابوری و سیاسەت و کولتوری جیهان بواری گۆڕانکاریی چۆنایەتی نین (ئەحمەد گول محمەدی، 2007، ل-113 114)

(ئیدوارد تایلەر) و چەمکی کولتوری جیهانی: ئێمە قەرزاری (ئیدوارد تایلەرین) کە یەکەمین پێناسەی ئەنتۆلۆجییانەی بۆ کولتور کردوە: کولتور یان شارستانێت بە مانا ئەنتۆلۆجییە فراوانەکەی، ئەو پێکهاتەیە کە مەعریفە، بیروباوەڕ، هونەر، ئەخلاق، یاسا، عورف، تواناو هەمو ئەو دابونەریتانەی دیکەش دەگرێتەوە، کە مرۆڤ وەک ئەندامێک لەناو کۆمەڵگادا وەریان دەگرێت. ئەم پێناسە ڕون و سادەیە پێویستی بە هەندێک لێدوان هەیە. ئەم پێناسەیە وەک دەبینین پێناسەیەکی وەسفی و بابەتی و پێوانەیی نییە. لەلایەکی ترەوە لە پێناسە تایبەت و فەردانییەکانی دیکەی کولتور جیاوازە. تایلەر پێی وایە کولتور گوزارشتە لە سەرتاپاگیریی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ و بەرهەندە دەستەجەمعییەکەی جیادەکرێتەوە. لەکۆتایدا کولتور شتێکی وەرگیراوە و لە ماوەی بایۆلۆجییەوە گەشە ناکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە وەرگیراوە کەچی ڕەچەڵەک و مۆرکەکەی تاڕادەیەک زۆر لە تێگەیشتن بەدەرن (شوانی، ل197)

بیرۆکەی کولتور لای دامەزرێنەرانی ئەنتۆلۆجیای فەرەنسی: فەرەنسا، بەراورد بە وڵاتە دراوسێکانی لە پەرەپێدانی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا لە پێشترە. سۆسیۆلۆجیا وەک لقێکی زانستی لە فەرەنسا گەشەی کرد، بەڵام ئەم پێشکەوتنەی سۆسیۆلۆجیا دەبێتە هۆکاری درەنگ سەرهەڵدانی ئەنتۆلۆجیای فەرەنسی.

دەشێت بوترێت سۆسیۆلۆجیای فەرەنسی لە قۆناغی یەکەمدا پانتایی هەمو توێژینەوەکانی دەربارەی کۆمەڵگا مرۆییەکان داگیر کرد. ئەنتۆلۆجیا (ڕاسترە بوترێت زانستی وەسف کردنی نەژادەکان) بە تەنیا بو بە پاشکۆیەکی سۆسیۆلۆجیاو مەسەلەی کۆمەڵایەتی مەسەلەی کولتوری پاوان کردو لاوازی کرد. (شوانی، ل206)

پێکەوە ژیان و ئاوێتە بونی کولتوری: هەروەک پێشتر باس کرا لە ڕابردودا پەرچەکردارە کولتورییەکان لە نێوان گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆر سنوورداربوە. هۆکارە جوگرافیایی و ئیکۆلۆژیکییەکان و بەرگری کولتوری لە بەرامبەر هەر چەشنە پەیوەندییەک لەگەڵ بیانیەکەدا پێکەوە پانتایی پەیوەندییەکان و پەرچەکردارە

کولتورییەکانیان زۆر بەرتەسک دەکردەوە. تەنیا بازرگان و جیهانگەرەکان (کریدەرەکان)دا بون کە دەرەتانی پەرچەکرداری بچوکی کولتورییان پێکدێنا و هەندێک جاریش جارجارە مەزهەبییەکان و هێزە سوپاییەکان ئەرکێکی ئەوتۆیان بەرێوەدەبرد.

بەڵام گۆڕانکارییە تاڕادەیەک سروشتییەکانی قەوارە بەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەمریکا (ئازتک و ئینکا)، ئۆراسیا (ئیمپراتۆری مەغۆل و عوسمانی)، ئاسیای باشوری ڕۆژهەڵات، دواتر هەندێک پێشکەوتنی تەکنیکی لە بیاڤی تەکنەلۆژیی گواستنەوە و پەیوەندییەکان دا کە بەستێن خۆشکەری (بەجیهانیبون) بون، ئەم دۆخەی بە تەواوی تێکدا.

هۆکارە جۆراوجۆرە سنوردارەکانی پەیوەندی و پەرچەکردارە کولتورییەکان وردەوردە لەناوچون و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە پانتایی پەیوەندییە کولتورییەکانەوە زیادبو، تەنانەت سنورەکانی دورترین یەکە کۆمەڵایەتییەکانیش لە بەردەم چوارچێوەی کولتوری جیهانیدا کرانەوە. (ئەحمەد گول محمەدی، ٢٠٠٧، ل١٢٦)

توخمی نوێ لە کولتوری کوردیدا: کولتور دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی – مێژویی – ئێتنیکییە، بۆیە دیاردەیەکی تابلێی گەورەو ئاڵۆز و کاریگەرە کولتور پێش هەمو شتێک کۆمەڵایەتییە، چونکە کۆمەڵگا و کولتور هەمیشە پێکەوە دروست دەبن، هیچ یەکێکیان بێ ئەویتر نابێ – هەر کۆمەڵبونێکی خەڵک کولتوری تایبەت بە خۆی نەبێ بونیادی کۆمەڵایەتی نابێ، کەواتە، نابێ بە کۆمەڵگا. لێرەشەوە کە کولتور دیاردەیەکی مێژوییشە، واتە مێژویەکی هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵگادا هەیە. هەروەها لەم ڕوەشەوە مێژوییە کە هەر قۆناغێکی مێژویی شێوازی (Typ) کولتوری خۆی هەیە – بە گوتەیەکی تر، کولتور هەمیشە شەقڵ و سیمای قۆناغە مێژوییەکانی پێوەدیارن.

جگەلەمەش کولتور شەقڵ و سیما و تایبەتمەندی بە کۆمەڵگا دەبەخشێت، بەمەشەوە کۆمەڵگایان لێکجیادەکاتەوە، سنور و چوارچێوەیان بۆ دادەڕێژێ – ئەمەش دەورە نەتەوەیی (ئێتنیکی)یەکەیەتی. ئەوەش لەم ڕاستیەدا بەرجەستە دەبێ کە (نە نەتەوە بێ کۆمەڵگا دەبێت و نە کۆمەڵگاش بێ لایەنی نەتەوەیی) – یەکەمین و بەرچاوترین مەرج و مۆرکی نەتەوەیی کۆمەڵگاش ناوە، ناوی نەتەوەیی ناوی (ئێتنیکی – ئێتنۆنیم) کە دەگوترێ کۆمەڵگای کوردی، کۆمەڵگای عەرەبی، فارسی یان تورکی، ئەمانە ناوی نەتەوەیین کۆمەڵگاکان پێیان دەناسرێنەوە و لێکجیادەبنەوە، جگە لەمە کولتوریش مەرج و مۆرکی نەتەوەیی دوەمەو هەر لەوەیشەوە وتمان شەقڵو سیماو تایبەتمەندییەکان بە کۆمەڵگا دەدات. (میران، 2010، ل64-63)

نەسەقە کولتورییەکان، یان بونیادە سیمبولییەکان: ئەو سیستمانەن لەو مانا سیمبولیە هاوبەشیانە پێکدێت کە لە نێوان تاکەکانی گروپدا هەیە، کە ئەوەش ئەرکە بەهاییەکان بەشێوازی ڕەفتارە جیاوازەکانی دەدات کە لەلایەن تاکەکانەوە ئەنجام دەدرێت، ئەوەش وا لە جۆرە ڕەفتارێک دەکات کە پەسەند، خۆشەویست، بەرزبێت لەلایەن گروپێک لە گروپەکان، هەروەها لە هەمان کاتدا وا دەکات ئەو جۆرە ڕەفتارە ڕەت بکرێتەوە (ڕقیان لێبێتەوە) ببێتە هۆی سەر شۆڕی لە لایەن گروپێکی دیکە.

کەواتە سیستمە کولتورییەکان بریتین لە ئەرکە بەهاییە گشتییەکان کە گروپ بەرەو پێشەوەی دەبات، هەروەها لە چالاکییەکانی ڕۆژانەدا، لە کارلێککردنە دوبارەبوەکاندا ملکەچی دەبێت. بەم شێوەیە سەرچاوەیەکی ڕەوا، ئاراستەکردن و پاڵنەری گشت چالاکییەکانی کۆمەڵگاو گروپەکەیەتی. (عومەر خەیری خەمەش، ٢٠١٢)

کولتور و ڕۆشنبیری لە جیهاندیدی کۆمەڵایەتیدا: لە کۆڕو کۆمەڵە ئەکادیمییەکاندا بەتایبەتی لە چوارچێوەی سۆسۆلۆژیدا وا باوە کە کولتور و کۆمەڵ بە توندی لە یەکتری جیادەکرێنەوە و سنوریان لە نێواندا دەکێشرێ و هەردوکیشیان پەیوەندییان بەیەکترییەوە هەیەو ناتوانن دەستبەرداری یەکتر ببن و لە یەکترییەوە جیابکرێنەوە. کۆمەڵی بێ کولتور، کولتوری بێ کۆمەڵ لە مێشکدا نەبێ بونیان نییە. هەمو قۆناغێکی تایبەتی کۆمەڵ کولتوری تایبەتی خۆی هەیە کە جۆری پەرەسەندن و چۆنیەتییەکەی و سروشت و پێکهاتە هەمە ڕەنگییەکەی دەردەبڕێت. وەک ئاشکرایە کولتور بە گشتی سەرجەمی بەهاو بایەخە بەرزە پەرەسەندوە گیانیەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، وەک (ماف، قانون، هونەر، هزر، زمان، ئەدەب، داب و دەستور و نەریت، ڕێو شوێنەکانی ئاکار و کردار، خو و ڕەوشت، هەڵوێستە هەمە ڕەنگەکانی ژیان، زانست) هەر لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ کولتور کە کایە و پاوانی بەرهەمە هزری و گیانییەکانی دەگرێتەوە لە شارستانییەت جیابکرێتەوە. ئەم جیاکردنەوەیە دەشێ بەوە دەست نیشانبکرێت کە مرۆڤ جۆرە سنورێک لە نێوان کولتوری گیانی نامادی و ماددی دا دەکێشێت (عزیز، 2014، ل138)

## دەرئەنجام:

کولتور لەگرنگترین بابەتەکانی کۆمەڵناسی بەگشتی و ئەنترۆپۆلۆژیا بەتایبەتیە، سەرەڕای ئەوەی کە لەئاستی جیهانیدا چەندین توێژینەوە لەسەر کولتور و توخمەکانی کولتور و گۆڕانکارییەکانی کولتوری ئەنجام دراوە، بەڵام بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و پەرەسەندنی نوێبونەوە و پرۆسەی بەجیهانی بونەوە ڕۆژبەڕۆژ بەها کولتوریەکان کۆمەڵگەی جیهانی بەگشتی و کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی ڕوبەڕوی گۆڕانکاری سەرنج ڕاکێش دەبێتەوە، کولتور بابەتێکی زیندو سەردەمیانەیە بەردەوام بەوەرگرتنی توخمە نوێ کاری نوێبونەوە لەرەگەزەکانیدا ڕودەدات. بەگشتی کولتور خاوەن دولایەنی ماددی و مەعنەویە، هەرچی کولتوری ماددی کۆمەڵگایە بەخێراییەکی چاوەڕوان نەکراو گۆرانکاری بەسەردا دێت لەئەنجامدا کولتوری مەعنەوی کۆمەڵگا ناتوانێت خۆی لەشەپۆلی ئەم گۆرانکاریانە بەدور بگرێت، مێژوی ژیانی مرۆڤایەتی بەڵگەی زیندوی چەندین پرۆسەی هەڵوەشانەوە و سەرلەنوێ دروستبونەوەی کولتور و شێوازی ژیانی جیاوازن.

لەم ڕوانگەیەوە توێژەر هەوڵیداوە باس لەم بابەتە بکات و واقیعێک پیشان بدات کە پێویستە قسەی لەسەر بکرێت.

# Asociologiacl Perspetive to Culture

**Aram Ibrahim Hussen Dzaye**
Sociology Department, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** aram.hseen1@su.edu.krd

## Abstract:

At the beginning, culture means the way of life is the way of thinking and how to express the dislocation, emotions, and any community that does only every family It has its own culture to deal with the life parties, and a social reading for culture will be seen from this point of view Today's era of cultural development and cultural change through media channels and globalization campaigns will change very quickly in a way that is mixed It happens that there is a lot of problems between accepting and rejecting it, this was one of the reasons for the preparation of this subject because of its coming The large number of refugees from the middle and lower parts of Iraq, as well as western Kurdistan, have flowed into Kurdistan, causing cultural disintegration and cultural development, as each region has its own culture.

This research was a part of some basque syllables about the first weapon and the characteristics of cultural developments, the second subject of The Culture of Culture, the change, the delay and transfer of the culture of the third The work of the capital in the culture of the community, the fourth story of the speech of the language of the culture on a book of the fifth style of the coultoro against The first of these is the "Saeed Ibn Al-Saeedi" (the son of The Prophet) and the coultore mechanics of the world and the more intelligent knowledge.

**Keywords:** Community, Culture, Language.

## سەرچاوەكان:


ناصر، د. ئیبراهیم ; زانستی كۆمەڵناسی پەروەردەیی، وەرگێرانی دانا نادر محمد، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٣.

ئەحمەد گول محەممەدی; بەجیهانی بون، كولتور، شوناس، دەزگای توێژینەوەو بلاوبونەوەی موگریان، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٧.

غلیون، د. ب. ئەمین، د.س ;وەرگیرانی خەبات محمود، كلتوری بەجیهانیبون و بەجیهانیكردنی كولتور، بەرێوەبەرێتی خانەی وەرگێران، چاپخانەی كارۆ، ٢٠٠٥.

عزیز، د.ح ; بنەرەتەكانی فەلسەفەی كۆمەلایەتی، خانەی ئاوێر بۆ چاپ و بلاوكردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٤.

ڕسول، ج ; نوێگەری وگۆرانی كولتوری، گۆڤاری شیكار، ژمارە ٣، ٢٠١٣.

شوانی، د; دیاردەی دواكەوتنی كولتوری نێوان نەوەكان لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژییەوە، گۆڤاری شیكار، ژمارە سفر، ٢٠١٢.

میران ڕ ; چەند بابەتێكی ئێتنۆ كۆمەلایەتی، دەزگای توێژینوەی موكریان، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠١٠.

ئیسماعیل ڕ، ڕ ; گۆڤاری كۆمەڵناسی، ژمارە ٣-٤، نۆڤەمبەری ٢٠٠٨.

ڕەسول، ڕ و عەزیز، د ; ئەنتروپۆلۆژیا، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین، چاپی یەكەم، ٢٠٠٤.

جمیل،س هـ ; كۆمەڵناسی دیاردە كۆمەلایەتیەكان، (بی ئاماژەكردن بە چاپخانە) چاپی یەكەم، ٢٠٠٨.

دەروازەكانی كۆمەڵناسی، وەرگێرانی ڕێبوار سیوەیلی و موسلیح ئیروانی و ئەوانی تر، چاپی دوەم، دەزگاو توێژینەوەی موكریان، هەولێر، ٢٠٠٧.

كۆهێن، بنەماكانی كۆمەڵناسی، وەرگیرانی چەكۆ ئەحمەدی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٥.

گوران كوردی، زمان وكولتور، چاپخانەی گرافیك، چاپی یەكەم، ٢٠١٣.

قانیع، م، و ; لەچ ئێستایەكدا دەژین، چاپی یەكەم، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی، ٢٠١٢.

عومەر خەیری خەمەش، د.م ; كۆمەڵناسی، وەرگیرانی د.عبدالله خورشیدود.عبدالله اسماعیل و ئەوانیتر، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢.

یوسف حسن حسین، كاریگەری بەجیهانیبون لەسەر كولتور، توێژینەوەیەكی ئەنترۆپۆلۆژی مەیدانییە، نامەی ماستەر پێشكەش بەئەنجومەنی كۆلێژی ئەدەبیات زانكۆی سەلاحەددین هەولێر كراوە، ٢٠١٤.

بیتس، دانیل، بلاک فیڕد (١٣٩٠)، انسان شناسی فرهنگی، ت: محسن ثلاثی، چاپ نهم، انتشارات علمی، تهران.

بشیریە، حمید (١٣٨٥)، فرهنگ لە دیدگاە انسان شناسی و قوم شناسی، نشر نگاە معاصر، تهران.

محمد شوانی (٢٠١٧)، بنچینەكانی ئەنترۆپۆلۆجیای گشتی و چیەتی مێژو لەتبونی ئەنترۆپۆلۆژیا، چاپ كۆمەڵەی كۆمەڵناسان و دەروونناسانی كوردستان، هەولێر.

ڕەشاد میران، (٢٠١٦)، چەند بابەتێكی ئیتنۆكۆمەڵایەتی، چاپ ڕۆژهەلات، هەولێر.

نادیە عمر كاكەسور، (٢٠١٢)، بنەما كۆمەلایەتی و كولتوریەكانی كەسایەتی كوردی، توێژینەوەیەكی ئەنترۆپۆلۆژیە لەهەرێمی كوردستانی عێراق، تێزی دكتورا، زانكۆی سەلاحەددین، كۆلێژی ئەدبیات، بەشی كۆمەڵناسی هەولێر.